
# دووەم پۆرترێتی واڵت ویتمان



لەئەفسانەو مێژووی کۆندا شاعیران وەکی پێغەمبەربوون لەپایەو پلەی روحیو کۆمەڵایەتیدا. واڵت ویتمان نەوەی ئەو جۆرە شاعیرانەیە لەسەدەی نۆزدەداو رچەشکێنی کێشی لاسایی کەرەوە نەبووە بەتەنیا کە ئەوەیان بایەخێکی مێژوویيو ئەدەبی خۆی هەیە، کە بوو بەمایەی هاتنەئارای پەخشانە شیعر لەجیهاندا، بەڵکو بایەخی یەکەمی واڵت ویتمان بۆ ئەو گیانە ئینسانيو دیموکراتیە دەگەڕێتەوە کە لەسەرتاسەری بەرهەمەکانیدا رەنگیان داوەتەوە تا ئەو رادەیەی نووسەرێك نووسیوویەتی: ئەوە کتێب نییە– مەبەستی پەلکی گیایە کە دیوانی تاقانەی ویتمان بوو– چونکە هەر کەسێك دەستی لیٚ دەدا هەست دەکا دەستی خستۆتە ناو دەستی مرۆڤێك.

ساڵی 1855 پاش چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتوو شاعیری ئەمریکایی ویتمان توانی چاپخانەیەك بدۆزێتەوە تا دیوانە بچکۆلەکەی خۆی لیٚ چاپ بکا کە ئەوکات نەوەدوپێنج لاپەڕەبوو، بریتی بوو لە12 شیعرو بەناوی–پەلکی گیا–.

ئەو بەرهەمەی سەرەتا وەکی هەموو داهێنانە گەورەکان کەوتە بەرتانەو تەشەری رەخنەگرەکان و دواتر بوو بەئینجیلی ئەمریکای تازەو خاوەنەکەشی بووە پەیامبەری برایەتی و دیموکراتی.

والّت ویتمان هەمووی ژیانی بۆ نووسینەوەی ئەو دیوانە تەرخان کرد، لەبری نووسینی کتێبی تازە، هات دەسکاری ئەو شیعرانەی کرد کە لە(پەلك)دا بلاّوی کردبوونەوەو شیعری تری خستە سەری تا دواجار گەیشتە چوارسەد لاپەڕە، کە لەوێوە یەکەم زایەڵەی قەسیدەی پەخشانی نویّ دەست پێدەکا.

(من نەکورسیم هەیەو نە کەنیساو نە فەلسەفە)

بەوپەیامە ئینسانیە هاتە ناو دنیای نووسینەوەو هەر لەبەراییەوە دژی ئەو جۆرە نووسینە بوو کە ئەوسا باوبوو، لەڕووی بەرگ و ناواخنەوە دژی بوو، بۆیە ئەوکات کەوتە بەر لەعنەتی رەخنەی ئەدەبی. بەلاّم لیبرالیەتی بیرکردنەوەی ویتمان و هەست و سلوکی جوانناسی راست و بێگەردی بووە مایەی داهێنانی شێوە نووسینێکی بێگەرد.

والّت ویتمان لەنەوەی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بوو، نەك دەستەبژێری رۆشنبیرو ئەدەبی سالۆنەکانیش وایان دەهاتە بەرچاو کە ئەو کەسێکی لاخۆری بیّ کەڵکەو هیچ ناخاتە سەر خەرمانی ئەدەبی ئەمریکایی و لەوەش زیاتر بەشێت و سەرلێشواویان دەزانی. بەلاّم لەگەڵ بلاّوبوونەوەی چەندین جارەی دیوانی پەلك.. دواجار رەخنە ملی داو کەوتە نووسین دەربارەی شیعرەکانی کە ئیلهامیان لەژیان و سروشتێك وەرگرتبوو کە راستەقینەو ساکارو میللییە، شاعیر روحی شیعریی پیّ بەخشیوون.

لەبەرئەوەی والّت ویتمان لەشیعرەکانیدا باسی جۆرە جەستەیەکی کردووە کە نەنێرەو نەمیّ، باسی بایەخی سێکسی کردووە وەکی هێزێکی وروژێنەری هۆش و مەعریفەت تا ئەو رادەیەی رەگەزی خۆشەویست تێکەڵ بوو، ئەوەبوو والّت ویتمان بەهۆمۆ سێکشوال نیشان دا، بەلاّم ئەو بەرە هەندە ئینسانیەکانی هەموو بوونی خستبووە ناو رەزمی خۆشەویستییەکی پڕ لەهیواو بەختەوەری کە ئاوازەکەی ئەو وشانە بوون کە لەقوڵترین شوێنی روحەوە هەڵدەقوولێن.

ویتمان لەرۆخی نیویۆرکەوە هات و دوای حەفتاوسیّ ساڵ تەمەن نەك ماڵئاوایی لەئەمریکا کرد بەڵکو جیهانێکی لەناو خەونی برایەتی و دیموکراتیدا جیّهێشت. ویتمان جگە لەکاری جۆراوجۆر وەکی رێکخەری پیتی چاپخانەو پاشان خاوەنی چاپخانەو کاری رۆژنامەنووسی، ماوەیەکیش سەرنووسەری رۆژنامەبوو تا دواجار بەتەواوی ژیانی بۆ شیعر نووسین تەرخان کرد. دیوانە تاقانەکەی نۆ جاران چاپ کرایەوە.